
# کێشەی
# سۆزداری هەرزەکار




Rahenan

## ناساندن

پەیوەندییە سۆزداریەکان وەرچەرخانێکی گەورەی گەشەسەندنی تاکن، لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی جەستەیی و ژیری و کۆمەڵایەتی لە قۆناغی هەرزەکاریدا پەیدا دەبن. ئەمانە پەیوەستدارن بە زیادبوونی ئارەزووی منداڵەکەت لە سەیرکردنی زایەندی بەرانبەر، سەربەخۆیی و تایبەتمەندی. پەیوەندیە سۆزداریەکان دەتوانن چەندین بەرزونزمی بۆ ژیانی منداڵ و خێزان لەگەڵ خۆیدا بێنێت. بوونی ئەو هەستە لە منداڵەکەتدا لەوانەیە کەمێک بەرەنگاریی بۆ خێزان بهێنێت. بەڵام ئەم هەستانە منداڵەکەت بەرەو توانایەکی قوڵتر بەرەو بایەخدان، هاوبەشیکردن و پەرەدان بە پەیوەندیە نزیکەکان دەبەن .

## پەیوەندی سۆزداری هەرزەکاری کەی دەست پێ دەکات؟

تەمەنێکی دیاریکراو نییە بۆ دەستپێکردنی پەیوەندی - هەموو منداڵ و خێزانێک هەست بە جیاوازی دەربارەی ئەم پرسە دەکات.



## چەند قۆناغێک هەیە بۆ دەستپێکی پەیوەندی:

- لە تەمەنی 9 - 11 ساڵی ، منداڵەکەت لەوانەیە دەست بکات بە نیشاندانی سەربەخۆیی زیاتر لە خێزانەکەی و بایەخدانی زیاتر بە هاوڕێکانی.
- لە تەمەنی 10 - 14 ساڵی، منداڵەکەت لەوانەیە بیەوێت کاتێکی زیاتر لەگەڵ گرووپە زایەندە تێکەڵەکاندا بەسەر ببات، کە لەوانەیە لە کۆتاییدا بەپەیوەندی سۆزداری کۆتایی بێت.
- لە تەمەنی 15 - 19 ساڵی پەیوەندییە سۆزدارییەکان دەتوانن ببنە چەقی پەیوەندیی جڤاکی. هاوڕێیەتیەکان لەوانەیە قوڵتر و جێگیرتربن.

زۆر لە هەرزەکاران کاتێکی زۆر بەسەر دەبەن بۆ بیرکردنەوە و باسکردنی ئەو پەیوەندییەی کە تێیدایە، کە لەوانەیە تەنها چەند هەفتە یان مانگێک بخایەنێت. هەروەها ئاساییە بۆ منداڵان تا کۆتاییەکانی هەرزەکاری هیچ بایەخێک بە پەیوەندی سۆزداری نەدەن. هەندێکیان دەیانەوێت زیاتر سێرە بخەنە سەر فێرگە، وەرزش یان ئارەزووەکانی دیکە.

# چۆنیەتی مامەڵەتکردن لەگەڵ پەیوەندیی سۆزداریی هەرزەکار

## 1 قبوڵکردن و نکۆڵی نەکردنی پەیوەندیی هەرزەکار

زۆر سەختە بۆ دایکوباوکان تا لەگەڵ ڕاستی ئەم دۆخەدا ڕابێن و پەیوەندیی هەرزەکارەکەیان پەسەند بکەن. دوای شۆکێکی سەرەتایی و نکۆڵیکردن لە دۆخەکە. دایکوباوکان پێویستیان بە کاتە بۆ هێوربوونەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن بە ڕوونی بیر بکەنەوە. با منداڵەکەت بزانێت کە تۆ پشتگیری دەکەی بۆ هەموو شتێک بۆ ئەوەی بتوانن لە داهاتوودا کێشەکان چارەسەر بکەن

## 2 لە هەستی هەرزەکارەکەت تێ بگە

دایکوباوکان دەبێت هەوڵ بدەن بۆ تێگەیشتنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کاتی هەرزەکاریدا ڕوو دەدەن. خێزان ئاشنای گۆڕانکارییە جەستەییەکانن بەڵام زۆر ئاشنای گۆڕانکارییە گرینگەکانی جڤاک و سۆزداری نین. تۆ دەتوانی فێربێت کە چۆن لە هەست و سۆزی هەرزەکارەکەت تێبگە یت . لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی کە لە مێشکی هەرزەکارەکەدا ڕوو دەدات، ئەزموونی هەستەکان دەکات، بەدوای پەسەندبوون لە نێوان هاوڕێکانی و ئەزموونە نوێکاندا دەگەڕێت، تاکایەتی خۆی لە ڕێگەی هزر و بیرۆکەکان دەدۆزێتەوە. هەوڵی دۆزینەوەی خود و دروستکردنی ناسنامەیەکی ناوازە دەبێتە خولیایەکی گرینگی هەرزەکار.

## 3 لەگەڵ هەرزەکارەکەتدا گفتوگۆ بکە دەربارەی پەیوەندی سۆزداری

ئەگەری زۆرە کە لێدوان بدەیت لە ئاست چەمکی پەیوەندی و سۆزداری، ببێتە مایەی ناسوودەیی. بۆیە پێویستە وەک دایکوباوک هەوڵ بدەیت کە لە زۆنی ئاسوودەیی خۆت هەنگاو بنێیت. هەرزەکاران دەیانەوێت دایکوباوکیان هزرکراوە بن. بەم شێوەیە هاریکاریان دەکات کە زیاتر و بەویستی خۆیان گوێ لە نیگەرانییەکانی دایکوباوکیان بگرن و ژینگەیەکی ئارام بۆ گفتوگۆ، هاوبەشیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بکەن .

پەیوەندسازی لە دەوری هە ڵبژاردنی وشەکان ، ئاوازی دەنگ، زمانی جەستە، گوێگرتن بۆتێگەیشتن، ڕێزگرتن لە یەکدی، خواستی داوای لێبوردن و وەلانانی لایەنگری دەسووڕێتەوە. هەموو دایکوباوکەکان هەست بە ئاسوودەی ناکەن تا بابەتی پەیوەندی و سۆزداری لەگەڵ منداڵەکانیان باس بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، وا باشترە ئەو هەوڵە بدرێت، چونکە ڕەنگە بکەونە ژێر کاریگەری کەسانی دیکە و مێدیاوە .



## 4 ڕێگری لە سزا

خۆت بەدوور بگرە لە سزای قورس بەسەر منداڵەکتدا، چونکە ئەمە هاریکار دەبێت بۆ ئەوەی منداڵەکەت کەمتر پەیوەندی لەگەڵ تۆدا ببەستێت و زیاتر پشت بە پەیوەندی سۆزداری ببەستێت بۆ ئەوەی ئاسوودەی خۆی بدۆزێتەوە.



## 5 ناساندنی سنوور

سنوور و ڕەفتار بۆ منداڵەکەت ڕوونبکەوە. چاوەڕوانییەکانت ڕوون بکەوە و جەخت لەسەر بەها خێزانییەکان بکەوە . یاسای ڕوون دەربارەی چوونەدەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانی دابنێ – لەگەڵ کێ و بۆ کوێ دەڕوات و لە هەمووی گرینگتر چ کاتێک دەگەڕێتەوە. ڕێگە بە منداڵەکەت بدە بەشێوەیەکی ڕوون لەگەڵ تۆدا گفتوگۆ بکات و بەڕوونی ئەو یاسایەنە روون بکەوە کە شایەنی سازش نین.



## 6 فێرکردنی ڕێز

دەربارەی ڕیزگرتن لە خود و مافی ئەوەی کە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت لەگەڵ منداڵەکەت بدوێ و بۆی ڕوون بکەوە کە بۆچی گرینگە لە هاوڕێیەک یان پەیوەندییەک دوور بکەوێتەوە کە ڕێزگرتنی تێدا نییە.

# کێشەی

# سۆزداری هەرزەکار

ERahenan